سەرۆک وەزیران و میری دەوڵەتی کوەیت پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان لە بەکتر دەکەن

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی پێگەیشت لە میری دەوڵەتی کوەیت شێخ مشعل ئەلئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباحەوە کە تیایدا پیرۆزبایییان گەیەنرا بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە و هەردوولا هیوای بەردەوام بوونی سەقامگیری و ئاسایش و خۆشگوزەرانیان خواست بۆ هەردوو گەلی برا و هەموو گەلانی عەرەبی و ئیسلامی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە

هەروەها لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا تاوتوێی پەیوەندییە دوو قەیەکانی نێوان هەردوو وڵات کرا و هەوڵدان بۆ پتەوکردنیان و تیشک خرایە سەر دیارترین ئاستەنگییەکانی ئێستا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ڕێگاکانی کاری هاوبەش، بەمەبەستی چەسپاندنی سەقامگیری و کردنەوە بەرەو گەشەپێدانی بەردەوام بەشێوەیەک لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکەدا بێت.